سودانی پێشوازی دەکات لە پاتریارک مار لویس ڕافایل ساکۆ



سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران مەحەمەد شیاع سودانی، بەیانی ئەمڕۆ پێنجشەممە پێشوازی کرد لە هەڵبژاردەی کلدانییەکان لە عێراق و جیهان پاتریارک مار لویس ڕافایل ساکۆ و شاندەکەی یاوەری.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک وەزیران لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند:-لە میانەی دیدارەکەدا باروودۆخی گشتی عێراق و سەقامگیری لە سەرتاسەری وڵات تاوتوێ کرا، ئەمەش یارمەتی دەری حکومەت بوو بۆ ئاوەڵبردنەوام بێت لە جێبەجێکردنی ئەولەویەتەکانی بەرنامەکەی و جێبەجێکردنی تەوانینی داهاتووی لە عێراقێکی بەهێز و ئاوەدانداندا.

سودانی خۆشحاڵی خۆی بۆ گەڕانەوەی پاتریارک بۆ بەغدا و گرنگی بوونی و هەڵوێستەکەی دەربڕی و جەختی لە بەپیرەوەچوونی حکومەت کردەوە بۆ پێوکردنی بنەماکانی پێکەوەژیان و برایەتی لەنێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگای عێراقیدا بۆ گەیشتن بۆ ئامانجی هاوڵاتیبوون، کە بریتییە لە کلیلی پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی و باشترکردنی دۆخی کۆمەڵایەتی هەموو عێراقییەکان و لە بەرنامە وەزاریەکەیدا ئەمەی پشتڕاستکردووەتەوە.

هەروەها سەرۆک وەزیران ئاماژەی بە ڕۆڵی مێژوویی پێکهاتەی کرستیان کرد لە عێراق و بەشداری کردنیان لە بنیاتنانی دەوڵەت و بەهێزکردنی کەلەپەکانی و جێختی لەوە کردەوە کە وڵات بەهێز و جیاوازە بە پێکهاتەکانییەوە و لە چوارچێوەی عێراقی گەورەدا دەژین و ئاماژەی بۆش کرد کە بەدواداچوون بە هەموو پرسەکانی پێیوەندیدار بە پێکهاتەی کرستیان و پێکهاتەکانی تری عێراق دەکات.

لە لای خۆیەوە، پاتریارک پیرەزبایی لە سەرکەی ئینجومەنی وەزیران کرد بەبۆنەی جێژنی ڕۆمەزانی پیرۆزەوە و جێختی لە گرنگی هەوڵی زیاتر کردەوە بۆ ئەوەی حکومەت بتوانێت ئەرکەکانی خۆی بەرانبەر بە گەلی عێراق جێبەجێ بکات و بارودۆخیان باشتر بکات و تەواوی پێداویستییەکانیان بۆدەست بهێنێت، هەروەها بەدواداچوون بۆ پرسی کەمینەکان و دەستبەرکردنی مافەکانیان بکات.